زەمهەریر

ژمارە ٣ -موحەڕڕەم 1448 - KU

مصباح الظلام

چرای تاریکی

بڵاوکراوەی
زەمهەریر

پێڕست

جا ئەو سەرما زۆرەی هەست ـی پێ ئەکەن
لـەزستان ـدا ئەوە لەهەناسەی زەمهەریرە
ئەوە گەرما توندەشـی لەهاوین هەست ـی
پێ ئەکەن لەهەناسەی دۆزەخ ـە.

پێغەمبەر ﷺ

ژمارە ٣ - موحەڕڕەم

04 دەستپێك
صالح فەوزان عەلامەی بەناو سەلەفیە مەدخەلیەکان

07 شوبهە
وەڵامدانەوەی گومانێکی حەمدانی و عومومیەکان لەسەر تەکفیرکردنی مورتەدان

14 مەلا هەڵۆ
عوزر بە جەهل بۆ ئەشعەریەکان

22 سرووریەکان
موسڵمانان ئاگاداری ئەم سروریانە بن

28 وەڵام
کێ خەواریج ـە ؟

32 صەحوات
وەڵامی گومانێکی صەحوات لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی

41 حەمدانیەکان
ئابڕووبردنی حەمدانییە گێژ و نەفامەکان

46 حوکم
وەڵامی گومانەکان لەسەر نەجاشی رحمە الله

52 قیامەتت
نەهێکردن لە پرسیارکردن لە شتانێ کە سودی نییە بۆ قیامەتت

14



32

52

AZZAMHARIR

تا پاکەکان جیابکرێنەوە لە پیسەکان

THE IMPORTANCE OF CALLING TO TAWHID, KNOWLEDGE AND SCHOLARS.

چەکی تۆی بانگخواز لەئێستادا بریتیە لەزانست چەکیش بۆ موسڵمان وەک ئۆکسجینە بەبێ ئەوچەکە توشی خنکان ئەبیت جایان بەهۆی شوبهات یان بەهۆی شەهەوات ئەوەی دەستت ئەگرێت وناهێڵێت بکەویتە ناو چاڵی شوبهە وشەهەواتەوە لەپاش ویست ی الله تعالی بریتیە لەزانست ی شەرعی.

بڵاوکراوەتەوە پێشتر

THE SHINING PROOF AND THE FIRM FORTRESS FOR REFUTING THE DOUBTS OF THOSE HOSTILE TO THE RELIGION.

گەر ئەتەوێ ببیت بەکەسێکی موجاهید بەڵام نازانیت چۆن ببیت بەموجاهید ئەوا ئەم گۆڤارە بخوێنەوە گەرئەتەوێ زۆر پرسیار کەلەمێشکتدایە وەڵامەکەت دەست بکەوێت ئەوا ئەم گۆڤارە بخووێنەوە.

صالح فەوزان عەلامەی بەناو سەلەفیە مەدخەلیەکان

ئەڵێت ڕۆشتن بۆجیهاد بۆعێراق وفلسطین بێ ئیزن ـی وەلی ئەمر و بێ ئیزن ـی دایک وباوک مەعصیتە ! ئەم فەتواکاتێ یاویەتی کەحاڵی حازر جولەکە فلسطین ـی داگیرکردوە قەتل وعام ـی موسڵمانانی فلسطین ئەکات وە عێراقیش ئەوکاتەی لەلایەن هێزی داگیرکەری ئەمریکی داگیرکرا وە ئەمریکا خۆی ڕایگەیاند ووتیان ئێمە ڕزگاریخوازی عێراق نین بەڵکو بۆداگیرکردنی عێراق هاتووین لەو سات و وەختەدا تەنانەت ڕافیزەی پیس ـی موشریک فەتوای جیهادی یا دژ بەهێزی داگیرکەری ئەمریکی سڕوڕیەکان بەهەمان شێوە فەتوایان ـدا.

بەشێ لەئیخوانیەکان سۆفیە گۆڕپەرستەکان ئەشعەریەکان تەنانەت بەشێ لەلایەنە عەلمانیەکان چەکیان هەڵگرت دژی داگیرکاری ئەمریکا هۆز و عەشیرەتەکان لەسوریا و سعودیە وئیمارات وئوردن و وڵاتان هەمووی غیرەتیان جوڵا ئەوەیان پێ قبول نەکرا کەئەمریکا وڵاتێکی موسڵمانان داگیربکات ئەهلی تەوحید پێش هەموو لایەن وگروپەکان فەتوای جیهادیان یا وئاڵای جیهادیان ڕاگەیاند بۆ دەرکردنی هێزی ئەمریکای خاچ پەرست لەخاکی عێراق.

تاکە لایەن دژی داگیرکاری ئەمریکا وجوولەکە نەوەستایەوە بەناو زاناکانی سەربەدەسەڵاتی سعودی بوون وە حوکمەت ی سعودی (دەوڵەتی تەوحیدەکەی عبداللطيف مەدخەلی) کەهەرگەنجێ دەرچوبایە بۆ یارمەتیدانی موسڵمانانی عێراق زیندانیان ئەکرد پاشان فەتوای گەرماو گەرم لەلیژنەی فەتوا وزاناکانیان دەرچوو بەقەدەغەکردنی جیهاد لەعێراق بەڵکو کارگەشتە ئەوەی بڵێن ئەوکەسەش شەهید نیە کەڕۆشتوە بۆعێراق وەک صالح فەوزان لێرەدا وائەڵێت ئەم فەوزانە کەعالمی مەدخەلیەکانە جیهاد ی طلب لەگەڵ جیهادی بەرگری تێکەڵ کردووە لەجیهادی طلب ئیزنی وەلی ئەمری شەرعی پێویستە نەک وەلی ئەمرەکانی کۆشکی سپی ئەمریکی بەڵام لەجیهادی بەرگری بەئیجماعی زانایان ئیزن ی وەلی ئەمر و دایک وباوک وخاوەن قەرزی پێویست نیە.

بابزانین زانایان چیان وتوە ئایا فەوزان شوێن زانایان کەوتوە ؟ تێبینی وشەی فەرزی عین واتا فەرزە لەسەر تاک بەتاکی موسڵمانانی جیهان.

ئیمام ی ابن قدامة المقدسي رحمه الله [له المغني : 10 / 390] ـدەفەرمویێت : ئەگەر دوژمن هێرش بهێنێت بۆسەرموسڵمان جیهاد ئەبێتە فەرزی عەین ولەسەر هەموو موسڵمانێ دەبێتە واجب وجائیزنیە کەس دوابکەوێ لەوجیهادە.

ئیمام ی القرطبي رحمه الله [له تفسیرەکەیدا : 3 / 38] ئیجماع نەقڵ ئەکات ئەفەرموێت ابن عطية رحمه الله فەرموویەتی : ئەوەی ئیجماعی لەسەر دامەزراوە جیهاد لەسەر هەموو ئومەتی محمد ﷺ فەرزی کیفایەتە گەر کۆمەڵێ لەموسڵمانان پێی هەستان ئەوا لەسەرئەوانی تر ئەکەوێت ئیلا مەگەر دوژمن هێرش بهێنێتە سەرگۆڕەپانی ئیسلام ئالەوکاتەدا دەبێتە فەرزی عەین.

شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله ـدەفەرمویێت [له الفتاوى المصرية : 4 / 508] : جەنگی بەرگریکردن کەتوندترین جۆرەکانی بەرگریە لەدژی کافری داگیرکەر وپارێزگارییە لەشەرەف ولەدین بەئیجماع واجبە چونکە دوژمنی داگیرکەر کەدین ودونیا تێکدەدات هیچ شتێ لەپاش ئیمان واجب ترنیە لەدەرکردنیان وە هیچ مەرجێ دانەنراوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان بەڵکو هەرچەندێ توانا هەبێت بەپێی ئەوە ڕووبەڕویان دەبیتەوە وە ئەمەش زانایان باسیان کردوە لەحەنبەلیەکان وجگە لەوانیش.

ئیمام ی ابن قيّم الجوزية [له الفروسيّة]

دەفەرموێت : جەنگی بەرگری لەسەر دین جیهاد ونزیـــک بونـــەوەیـــە لـــە الله ئـــەگـــەر موجاهیدلەوجەنگەدا کوژرا ئەوە شـەهیدە جەنگی بەرگری فراوانترە لەجەنگی طلب وە واجب بونی گشتگیرترە هەربۆیە واجب دەبێت لەسەر هەموو کەسێك کەهەڵدەستێت وجیهاد دەکات کۆیـلـە ئەو جیهادە لەسەری واجبە بەئیزنی گەورەکەی بێت یان بەبێ ئیزنی گەورەکەی منداڵ بەئیزنی دایک وباوکی بچێت یان بەبێ ئیزنی دایک وبـاوکی وقەرزار بەبێ ئیزن وەرگرتن لەخاوەن قەرز دەچێت وە ئەم جیهادە بەمەرج دانەنراوە کەکافران لەموسڵمانان زیاتربن یان کەمتربن بەڵکـو جیهاد واجبـە لەسەر هەموو موسڵمانان چونکە جیهاد لەوحاڵەتەدا ناچارییە جیهادی اختیاری نیە ئەم جیهادی بەرگریە هەموو کەسێک مەبەستیەتی ئەنجامی بدات کەسیش نیە پشت هەڵکات لەم جیهادە ئـیلا جـــــەبانێک نەبێت کەلەشەرع وئەقڵ سەرزەنشت کراوە.

النووی رحمە الله دەفەرموێت : لەکاتی جیهادی فەرزی عەیندا پێویست ناکات ئافرەت ئیزن لەمێردی وەربگرێت و کۆیلە ئیزن لەگەورەکەی وەربگرێت وە لەم حاڵەتەشدا پێویست ناکات منداڵ ئیزن لەدایک وباوکی وەربگرێت وە پێویست ناکات قەرزدار ئیزن لەخاوەن قەرزوەربگرێت. [روضة الطالبين وعمدة المفتين - (ج 4 / ص 1)].

شێخ ابن عابدین رحمە الله دەفەرموێت : فەرزی عەینە (واتا لەسەر هەموو موسڵمانان) ئەگەر دوژمن هێرش بهێنێت بۆسەرخاکی موسڵمانان وە پێویست بەئیزن وەرگرتن ناکات بۆ جیهادکردن لەدژیان.

[رد المحتار - (ج 15 / ص 425)، وكذلك: حاشية رد المحتار - (ج 4 / ص 302)].

ابن مودود الموصلي رحمە الله دەفەرموێت : جیـهاد فەرزی عەینە کاتێ کەخەلیفە داوا لەموسڵمانان بکات بۆ دەرچون بۆجیهاد وە کوشتنی کافرانە واجبە لەسەر هەموو پیاوێکی ئاقڵ و تەندروست و ئازاد وبەتوانا وەئەگەر دوژمن هێرش بهێنێت واجبـە لەسەر هەموو خەڵکـی وەدەریان بنێن ئافرەت دەردەچێ بۆئەوجیهادە بەبێ ئیزن وەرگرتن لەمێردەکەی کۆیلە دەردەچێت بەبێ ئیزن وەرگرتن لەگەورەکەی. [الاختيار لتعليل المختار - (ج 1 / ص 46)].

کاتێك گەمژەیەتی مرۆڤ دەگاتە لووتکەی

وەڵامدانەوەی گومانێکی
حەمدانی و عومیەکان
لەسەر تەکفیرکردنی مورتەدان

گــرنگ

نوسینی مامۆستا
ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

وتەیەک کە دراوەتە پاڵ ئیمام ابن تیمیە رحمە اللە کەدەیکەن بەبەڵگە بۆتەکفیرنەکردن ـی مورتەدان.

وە ئیخوانیەکانیش دەیکەن بەبەڵگە بۆئەوەی بڵێن مەرج نیە هەق ـی ڕەها لای ئێمە بێت بەڵکو لەوانەیە بەرامبەرەکەشمان هەق بێت (واتە یەکتر قبوڵکردن و ڕێزگرتن لەباوەڕی یەکتر).

دەقی شوبهەکە :

ئەڵێــن (ذەهەبی) رحمە اللە فەرموویەتی : وكذا كان شيخنا ابن تيمية في أواخر أيامه يقول : أنا لا أكفر أحدا من الأمة ، ويقول : قال النبي -صلى الله عليه وسلم- : لا يحافظ على الوضوء إلا مؤمن فمن لازم الصلوات بوضوء فهو مسلم.

بەهەمان شێوە شێخ ـمان إبن تیمیە لەکۆتا ڕۆژەکانیدا دەیفەرموو من کەس لەم ئومەتە تەکـفیرناکەم چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویـەتی کەس نیە پابەندی دەستنوێژگرتن بێت ئیلا باوەڕدارە جاهەرکەسێ پابەندنی نوێژەکان و دەست نوێژ بێ ئەوا موسڵمانە.

جادەڵــێن ئەم بەڵگەیە کەابن تیمیە تەکفیری گۆڕپەرستـــان وئەشاعـــیرە وجەهـــمــیەکان وموعتەزیلەکان وڕافیزە ناکـات بەموتڵەقی !!

لەوەلامـدا ئەڵێین :

١ - ئایا ئەم وتەیە کە دراوەتە پاڵ ابن تیمیە مانای ئەوە ئەیـات کەگوایە ابن تیمیە تەکفیری إتحادی وقرامطە و نوصیری وڕافیزە وجەهمیەکان وغولاتی قەدەریەکان ناکــات ؟

لەکاتێکدا ســەدان فەتوای صەڕیح ـی هەیە لەسەر تەکفیرکردنی ئەو کۆمەڵانە ئەگەرچی نوێژیش بکەن وشهادەش بهێنن.

ئایا بەچی پێوەرێ واز لەوتەی صەڕیح و موحکەم ئەهێنرێت بۆ وتەی موتەشـابیهـ ؟؟! کەبەدەقی قورئان ئەوانەی شوێن متشابهـ دەکەون نەخۆشی لەدڵیاندا هەیە خۆگەر ابن تیمیە بیگوتایە تەکفیری مخالفکارانم لەعەقیدە ناکەم ئەوکات هەقی خۆتان بوو بیکەن بەبەڵگە بۆخۆتان بەڵام ئەو بە موجمەل وبێ تەفسیل دان و ڕونکردنەوەی مەبەستی وای فەرمووە جا ئەگەر دان بــنێن بەوەدا بڵێن نەخێر مەبەستی ابن تیمیە ئەوەنیە کەتەکفیری قبوری و جەهمی وڕافیزە ناکات ئەوا تێدەگەیـن کەابن تیمیە مەبەستی بەئەهلی قیبلە موسڵمانانە کەبەتاوان تەکفیریان ناکات نەک بەکوفر.

پاشـــــــان ئەگەر مەدخەلیەکان سوربن لەسەرئەوەی کەمەبەستی ابن تیمیە تەکفیرنەکردنی هەموو ئەوگروپە کافرانەیە ئەوا ئەڵێــین ئەگەر بەپێی قــسەی ئێوە بێت ئایەتەکانی هەڵگەڕانەوە لەدین و فەرموودەکانی بابەتی هەڵگەڕانەوە لەدین و کتێبە فقهیەکان کەباسی مورتەد ئەکەن ئەبێت هەمووی بسڕێتەوە !

گەر ڕازی بن بەهەڵوەشاندنەوەی هەموو حوکمی مورتەد ئەوا خۆتان مورتەدن گەر ئەشـڵێن نەخێر مورتەد حوکمێکی جێگیرە لەشەرعدا کەواتــا وتەکەی ابن تیمیەش مەبەست پێی ئەوەنیە کەتەکفیری مورتەد ناکات.

٢ - ئیمام ی ابن تیمیه لەکۆتایەکانی تەمەنیدا لەقەڵای دیمەشق پێش مردنی کتابی الرد علی الاخنائی نوسیوە کەتێدا تەکفیری ئەوانە دەکات کەهاوار لەغەیری الله ئەکەن ئەگەرچی نوێژیش بکەن و دەست بەدەستنوێژیش بن.

شیخ الإسلام لەوکتێبەدا کەپێش مردنی نوسیویەتی تێدا تەکفیری الاخنائی قازی مالکی مەزهەبەکان دەکات و دەفەرمووێت : "فهؤلاء المشركون والمفترون مثل هذا المعترض وأمثاله المستحقين للجهاد، وبيان ما دعوا إليه من الضلال والفساد، وما نهوا عنه من الهدى والرشاد، ولتكون كلمة الله هي العليا ويكون الدين كله لله"

شاری دیمەشق موسڵمانان خاوەنین

ئەو مووشریکانە کەدرۆ هەڵئەبەستن بەناوی الله ـەوە وەک ئەم کەسە (الاخنائی) کەرەخنەی لەئێمە گرتوە کەئەم کەسە وهاوشێوەکانی شایستەن جیهادیان لەدژبکرێت وە گومڕای و فەسادیەکانیان ڕونبکرێتەوە کەچۆن ڕێگری لەهیدایەت وڕێگای ڕاست ئەگرتن تاوەک وشەی الله بەرزبکرێت و دین هەمووی بۆ الله بێت.

کەواتا بەدەقی وتەی ابن تیمیه خۆی تێگەشتین کەمەبەستی لەئەهلی نوێژ ئەوکەسانە نیە کەعەقیدە وباوەڕی کوفرییان هەیە.

پاشان

بۆ ڕەدانەوەی ئیخوانیەکان کەئەو وتە ئەکەن بەبەڵگە گوایە مەرج نیە هەقی ڕەها لەلای یەک کۆمەڵ بێت بەڵکو پێ ئەچێ بەرامبەریش لەسەر هەق بێت ویەکتر قبوڵ بکەین وتەکفیری یەکتری نەکەین لەسەر مخالەفەی عەقیدەیی.

ئەڵێن دیسان شێخ الاسلام لەرساله التسعينه ـدا دەفەرمووێت : "كان غالب أئمتهم يقولون بتكافؤ الأدلة في هذه المسألة ونحوها ، ويصيرون فيها إلى الوقف والحيرة، ثم هم مع ذلك قد يعتقدون أن الإسلام لا يتم إلّا بما ادعوه من القول بهذا الحدوث، فيكون ذلك سببًا لنفاقهم وزندقتهم، وذلك باطل، ليس هذا من أصل الإسلام في شيء،

زۆربەی پێشەواکانیان دان ئەنێن بەوەی کەهەردوولا لەسەر بەڵگەن لەم بابەتە (عەقیدەیانەدا) بۆیە پەنا

دەبەنە بەر وەستان وتەوقف کردن (ناتوانن بڵێن عەقیدەی ئێمە سەد لەسەر سەد هەقە) لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان وایە ئەم بۆچونە بیدعیەیە ئەوان ئیسلامە بەتەواوی وهەرکەسێ ئەم بۆچونەی نەبێت ئیسلامەتیەکەی تەواو نیە جائەمەش هۆکاری نیفاق و زەندیقی ئەوانە وەئەمەش شتێکی پڕوپوچە ئەمە لەئەسڵی ئیسلامدا نیە بەهیچ جۆرێ پاشان ئەم بۆچونەی ئیخوان لەئەشعەرییەکانەوە وەرگیراوە کە ڕێز لەبۆچونی بەرامبەربگرن و بەرامبەرەکەشیان بەبەشێ لەهەق بزانن.

یوسف بن عبد الهادي الحنبلي دەفەرمووێت : ابن عساكر دەیگێڕێتەوە لە زاهر بن احمد کەابو حسن ئەشعەری لەسەرە مەرگیدا نەفرەتی لەموعتەزیلە دەکرد پاشان لێوەی دەگێڕنەوە کە بانگی کردووە وپێی وتوە (من تەکفیری ئەهلی قیبلە ناکەم چونکە هەموومان ڕوو دەکەینە یەک پەرستراو ئەوەی جیاوازە دەربڕینەکانمانە).

جا ابن عساكر ئەم وتەیەی ابو حسن بەفەزڵ و گەورەیی وەسف دەکات بەڵام من (ابن عبدالهادی)

وای دەبینم ئەمە سەرزەنشت کردنە بۆ ئەشعەری چونکە زاهیری ئەم وتە مەیلکردنە بۆتەکفیرنەکردنی مووعتەزیلە و ئەهلی بیدەع.

: "ثُمَّ ذَكَرَ ابن عساكر عَنْ زَاهِرِ بْنِ أَحْمَدَ، أَنَّهُ حَضَرَ الْأَشْعَرِيَّ عِنْدَ الْمَوْتِ وَهُوَ يَلْعَنُ الْمُعْتَزِلَةَ، ثُمَّ ذَكَرَ عَنْهُ أَنَّهُ دَعَاهُ عِنْدَ الْمَوْتِ وَقَالَ لَهُ: إِنِّي لا أُكَفِّرُ أَحَدًا مِنْ أَهْلِ هَذِهِ الْقِبْلَةِ، لأَنَّ الْكُلَّ يُشِيرُونَ إِلَى مَعْبُودٍ وَاحِدٍ، وَإِنَّمَا هُوَ كُلُّهُ اخْتِلافُ الْعِبَارَاتِ، ذَكَرَ ابْنُ عَسَاكِرَ هَذَا مَنْقَبَةً، وَأَرَاهُ مَذَمَّةً لأَنَّهُ مَيْلٌ إِلَى عَدَمِ تَكْفِيرِ الْمُعْتَزِلَةِ، وَغَيْرِهِمْ مِنْ أَهْلِ الأَهْوَاءِ"

کەواتە ئەمە فێڵی ئەشاعیرەیە ئەیانەوێ بۆپەردە پۆشکردنی عەقیدەکەی خۆیان ئەوتۆمەتەش بەنە پاڵ ئیمام ابن تیمیە.

نوێژکردن یەکێکە لە شەعائیرەکانی ئیسلام

حەمدانیەکان

شیکاریەک بۆ عەقیدەیان

عادل ال حمدان

عادل ال حمدان چونکە کەسێکی سعودیە سعودیەش هاوبەشی یاریە هەواڵگیریەکان ی ئەمریکایە سەدان زانای موەحیدیان لەسجن ناوە بەڵام کتێبەکانی عادل ال حمدان چاپ دەکەن ولەرێگەی عادل ـەوە توانیویانە گروپێک دروست بکەن کەلەمەسڵەحەت ی سیاسەتی سعودیە وناوچەکە بێت.

حەمدانیەکان کێن ؟

بۆئەوانەی کەنازانن حەمدانیەکان کێن (بریتین لەکۆمەڵە خەڵکانێک بەهۆی خوێندنەوەی لێدوانەکان ی عادل ال حمدان لەسەر چەند کتێبێکی سەلەف عەقیدەی عادل ال حمدان ی سعودیان وەرگرتوە).

چۆن خزمەت بە کوفر دەکەن ؟

لەوانەیە بپرسیت چۆن عەقیدەی حەمدانیەکان خزمەت بەسیاسەت ی سعودیە و وڵاتانی ناوچەکە وئەمریکا دەکات فەرموون بابۆتان بسەلمێنین.

یەکەم :

حەمدانیەکان بروایان وایە هەر حوکمەتێک حکم بەیاسای دەستکرد بکات و سزا شەرعیەکان جێ بەجێ نەکات ورێگە بەزینا و ئارەق فرۆشتن بات ومورتەد نەکوژێت ئەوا ئەوحوکمەتە کافرنیە بەڵکوتەنها گوناهی ئەنجام داوە.

سعودیە کەزانی تەنها مەدخەلیەت بەس نیە بۆ دژایەتیکردنی جیهادیەکان هەستا حەمدانیەتیشی دروستکرد تا لەرێگەی زانا حەمدانیەکانەوە خەڵک لەجیهادیەکان دووربخاتەوە و سعودیە پارێزراوبێت لەعەقیدەی تەکفیرکردن لەسەر حکم بغیر ما انزل الله بۆیە هیچ حەمدانیەکی تێگەشتوو لەحەمدانیەت سعودیە بەدار الکفر نازانێت.

دووەم :

لەعەقیدەی حەمدانیەکان حوکم بردنەوە بۆلای طاغوت کوفری گەورە نیە ئەمەش خەونێکی سعودیەی بەدی هێنا چونکە سعودیە حوکم دەباتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان ی ئەمریکا بۆیە هیچ حەمدانیەک نیە بتوانێ بڵێ سعودیە بەهۆی ئەم کارە کافرە.

سێهەم :

جاسوسی کردن بۆکافران کوفری گەورەنیە واتا کەسعودیە و وڵاتانی کە موسڵمانێ تەسلیم بەئەمریکا وئەوروپا دەکەن یان کەسێکی موسڵمانان بەگرتن بات بۆ ئەم حوکمەتانە ئەوا تۆ ناتوانی تەکفیری بکەی کەواتا بەم فەتوایە ڕێگەخۆش دەکەن خەڵک موەحیدان بەگرتن بات وپێشکەشی حوکمەتە عەلمانیەکان ی بکەن و مێشکیان ساف بێت لەوەی بەوکارە نابن بەکافر کەواتا ئامانجی سعودیە و وڵاتانی ناوچەکەش هەرئەوەیە خەڵک جاسوسیان بۆبکات خەڵکیش کەبزانێت کافرنابێت کارەکەیان لائاسان دەبێت چونکە دەڵێن الله لەتاوان خۆش دەبێت بەڵام لەکوفر خۆش نابێت بۆیە ئێمەش کافرنابین بەم کارە ولایان ئاسان ئەبێت.

چوارەم :

تەکفیرکردنی دەولە گەورەترین ئامانجی دەزگا هەواڵگیریەکانی ئەمریکا و سعودیەیە تۆ هەرچی دەبیت ببە تەنها خەڵک لەدەولە دووربخەوە چونکە دەولە مەترسیە بۆسەر ئەمریکا و یەهود وعەلمانیەت بۆیە لەهەموو شتێ گرنگتر ئەوەیە خەڵک لەدەولە دووربخەیتەوە تا دەولە نەتوانێ خیلافەتی ئیسلامی بگەڕێنێتەوە جا زۆر گەڕان نەیان توانی کوفرێک لەدەولە بدۆزنەوە بۆیە هاتن بابەتی زانایانی ئەشعەریان کرد بەبیانوو بۆتەکفیرکردن ی دەولە !

باشە هەر بەعەقیدەی حەمدانیەکان دەڵێم گریمان زانا ئەشعەریەکان کافرن ئایا هەرکەسێ مورتەدێ تەکفیرنەکات ڕاستەوخۆ تەکفیر دەکرێت ؟ بەعەقیدەی حەمدانیەکانیش کەسێ مورتەدێ تەکفیرنەکات دوای ئیقامە حوجە ولادانی هەموو گومانەکانی ئینجا تەکفیر دەکرێت ئایا ئێوە ڕۆشتون ئیقامە حوجەی دەولە بکەن و دانە بەدانەی شوبهەکانی دەولە وەڵام بەنەوە ؟ بێگومان نەخێر ئەی چۆن تەکفیری دەولە دەکەن ؟ وەڵام نیە. گرنگ دەولە تەکفیربکەن لەکاتێکدا ئێوە سەرنج بەن حەمدانیەکان شەڕی سەرەکیان لەگەڵ ئەشعەریەکان نیە کوا کتێبەکانیان لەسەر وەڵامدانەوەی شوبهەی ئەشعەریەکان؟ کوا شەڕە کۆمێنت و پۆستەکانیان لەدژی ئەشعەریەکان ؟؟ ئەوان ئەشعەریەکان دەکەن بەبیانوو تا شەڕی موناسڕان ودەولەی پێ بکەن ئەگینا ئەوان ئەگەر مەبەستیان دژایەتی ئەشعەریەکانە بابڕۆن پۆست و کتێبەکانیان ڕووبکات لەئەشعەریەت ئەگینا ئێمە عەقیدەی ئەشعەریەت بەکوفر دەزانین بۆچی لەئێمە ئاڵاون ئەگەر ئەمە پیلان و ئاڕاستەکراوی ئەمریکا وسعودیە نەبن ؟

لای ئێوە بەم جۆرەیە !

لای ئێوە جاسوسی بۆکافر وتحاکم بۆلای طاغوت وحوکم بەقانون بکەرەکەی کافرنیە و هیچ شەڕە پۆست وکۆمێنت وکتێبتان نیە لەدژایەتیکردنی ئەوجۆرە کەسانە بەڵام ئێمە کەتەنهاوتومانە ئەشعەریەکان لەدوای ئیقامە حوجە تەکفیر دەکەین هەموو دژایەتی وشەڕتان تەنها ڕووی لەئێمەیە ! لەکاتێکدا ئەوەی ئێمە وتومانە وتەی سەدان زانای لەسەرە لەسەلەف ولەخەلەف کەکەسی جاهیل وتەئویلکار لەسیفات دوای ئیقامە حجە تەکفیرەکرێ کەواتا دەستەکەتان ئاشکرایە ئامانج لەدروستکردنی ئێوە ئاسایکردنی جاسوسیە بۆکافران ودژایەتیکردنی دەولەیە لەوەزیاتر هیچ کێشەی کەتان نیە هیچ حوکمەتێکی عەلمانی کێشەی لەگەڵتان نیە چونکە شەڕی ئێوە لەدژی عەلمانیەت سفرە هەموو شەڕەکەتان تەنها ڕووی لەموسڵمانانە ئایا ئێستا ئەم فەرموودەیە ئێمە دەگرێتەوە یان ئێوە « یقتلون اهل الاسلام ویدعون اهل الاوثان » دەجەنگن دژی ئەهلی ئیسلام و واز دەهێنن لەکافران وبتپەرستان !

ئێوە هەڵخەڵەتێنراون

لەیەک بستی ئەم سەر زەمینە کەسێکتان نیە لەشەڕدابێت دژی عەلمانیەت و رافیزە بەڵام هەزاران سەگتان هەیە بۆ دژایەتی دەولە وموناسران ئەی ئەوکەسەی هەڵ خەڵەتاوی بەو عەقیدە ساختەیە کەبەرگی سەلەفیەت ی بەدرۆوە بەڕوودا کراوە چاکبزانە سەلەف جیاوازیان نەکردووە لەنێوان هیچ کافرێ شەڕی هەموو کافرێکیان کردوە گەرئێمەشتان پێ کافرە فەرموون وەک پیاو شەڕی ئێمەبکەن و شەڕی عەلمانیەکان بکەن و هەوڵی گەڕانەوەی خیلافەت بەن و بکەونە جەنگکردن وچالاکی کردن لەدژی عەلمانیەکان کەناشی کەن چونکە وەک مەدخلیەکان پێتان وایە جەنگکردن دژی عەلمانیەکان فیتەیە و قازانج ی نیە !

﴿ يَعْتَذِرُونَ إِلَيْكُمْ إِذَا رَجَعْتُمْ إِلَيْهِمْ ۚ قُل لَّا تَعْتَذِرُوا لَن نُّؤْمِنَ لَكُمْ قَدْ نَبَّأَنَا اللَّهُ مِنْ أَخْبَارِكُمْ ۚ وَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾

هەر کە لەگەڕانەوە موونافیقەکان بەپەلە دێن و دەست دەکەنە بروو بیانوو هێنانەوە بۆتان بڵێ: هیچ برووبیانوویەک مەهێننەوە چونکە چاک دەتانناسین و هەرگیز بڕواتان پێ ناکەین الله لە دەنگوباس و هەواڵە نهێنیەکانتانی ئاگادارکردین، واتە: تێگەیاندین کە چ شتێک لە دڵتاندایە بۆئاییندەش بە تەئکید الله و پەیامبەری الله صلی الله علیه وسلم گشت کردەوەکانتان دەبینن، واتە: الله وپێغەمبەرەکەی دەزانن چ کارێکتان لێدەوەشێتەوە لەمە بەدوا؟ لە پاشان دەبرێنەوە لای ئەو زانایە کە بەهەموو نادیارو دیارێک ئەزانێ و ئاگادارە ئینجا هەر شتێکتان کردووە ئاگادارتان ئەکات لێی.

هیچ ناڕوونیەک نییە

مالکم کیف تحکمون ! ئایا هیچ ناڕوونیەک هەیە لەم یاریە هەوالگیریە ئەمریکیە سعودیە؟؟ بەڵگەشمان ئەوەیە کردارەکانتان بەسە بۆ ڕاستی قسەکانمان. الله دەفەرموێت :

حەمدانیەکان لە ژووره داخراوەکانی ئەمریکا

عوزر بە جەهل بۆ
ئەشعەریەکان

مەلا هەڵۆ ئەمـــجـــارەیـــان بەدەمە پیس وزمانە زبرەکـــەی بۆ سەر زانایان و موجـــاهیدان هێڕشی ناڕەوا دەکاتە سەر شـــێخ ـی ئیسلام ابن تیمیە و بـــەوە تۆمەتـــباری دەکات کەبیدعەی عوزر بـــەجەهلـــی بۆ ئەشعەریەکان داهێناوە.

کەواتە هەڵۆ شێخ ـی ئیسلام بەمبتدع دەزانێت دواتر دەڵێت مەنهەجی حەرەکیەکان (واتـــا موجاهیدان لەهەموی خراپترە ئایا هێشتا هیچ موناســـڕێ هەیە بەرگری لەم بۆگەنە بکات ؟)

ئێستا بابزانین عوزردان لەبابەتی جاهل بون وتەئویلکردن ـی ناو و سیفاتەکان ـی الله تعالی بیدعەی ابن تیمیەیە رحمــە الله ؟ یان مەنهەجی پێغەمــبەر ﷺ و سەلەفە ؟

پێغەمبەر ﷺ بەسەرهاتی پیاوێ دەگێڕێتەوە کە ئەم پیاوە هێندە تاوانی زۆر بــوو وەسێت ـی بۆمنداڵەکانی کرد وتی گەر مردم ئەوا بمسوتێنن و خوڵەکەم بەن بەدەم شەپۆلی با ودەریاوە چونکە خۆ ئــەگەر الله بتوانێ زیندووم کاتەوە ســزایەک سزام ئەیات سزای کەس ـی نەیابێت بۆیە کوڕەکان ـی وەسێتەکەیان جێ بەجێکرد کاتێ لەقیامەت ـدا الله لێی ئەپرسێ بۆچی واتکرد پیــاوەکە دەڵێت لەترس ـی تۆ ئەی پەروەردگارم الله ـش بەوهۆیەوە لێی خۆشەبێت.

((أسرف رجلٌ على نفسه، فلما حضره الموتُ أوصى بنيه فقال: إذا أنا مت، فأحرقوني، ثم اسحقوني، ثم اذرُوني في الريح في البحر، فوالله لئن قدَر عليَّ ربي ليعذبني عذابًا ما عذَّبه به أحدًا، قال: ففعلوا ذلك به، فقال للأرض: أدِّي ما أخذتِ، فإذا هو قائم، فقال له: ما حملكَ على ما صنعتَ؟ فقال: خشيتُك يا رب - أو قال: مخافتك - فغفر له بذلك)) [رواه الشيخان]

کەواتــا ئەم پیاوە جاهل بوە بەسیفەتی دەسەڵات ـی الله کەئەم سیفەتەی الله بەئەقڵ وفیطرەت دەزانرێت کەچ ـی هێشتا الله تعالی عوزری لێ قبوڵ کرد.

بەتێگەیشــتنی سەلەف وزانایان

١ - ئیمام ابن قتیبة رحمه الله دەفەرموێت : (قد يغلط في بعض الصفات قوم من المسلمين، فلا يكفرون بذلك) ((شرح مسلم)) للنووي (٥/ ٥٩٨ - ٥٩٩).
کەسانێ لەموسڵمانان هەڵە دەکەن لەهەنێ سیفاتی الله تعالی بەوە کـــــافرنــــــابن.

٢ - ئیمام شافعی رحمه الله ـدەفەرموێت : (لله أسماء وصفات لا يسع أحداً ردها، ومن خالف بعد ثبوت الحجة عليه، فقط كفر. وأما قبل قيام الحجة، فإنه يعذر بالجهل) (فتح الباري) (١٣/ ٤٠٧).
الله تعالی ناو وسیفاتی هەیە جائیزنیە هیچ کەسێ ڕەدی بکاتەوە هەرکەسێ پێچەوانەی بکا لەپاش ئیقامە حوجە ئەوا کافرە بەڵام پێش ئیقامە حوجە عوزری بۆهەیە بەنەزانین.

٣ - الامام ابن ابي عاصم (ت 287 هـ) لەبارەی جەهمیە موعطلەکانەوە دەفەرموێ : (والقرآن كلام الله تبارك وتعالى تكلم الله به ليس بمخلوق، ومن قال: مخلوق، ممن قامت عليه الحجة فكافر بالله العظيم، ومن قال من قبل أن تقوم عليه الحجة فلا شيء عليه)
قوڕئان وتەی الله یە و الله قسەی پێکردوە ومخلوق نیە هەرکەس بڵێت قورئان مەخلوقە لەوانەی کە ئیـــــقامە حجە کراون ئەوا کافرە بەالله ـی گەورە هەرکەسێ پـــێش ئیقامە حجـــە بڵێت قورئان مەخلوقە ئەوا هــیچی لەسەرنیە. (كتاب السنة له 2/645 ط المكتب الاسلامي)

٤ - ئــــیمامی بوخــــــاری (ت 256 هـ) لەبارەی ئەعیانی جەهمیەکانەوە دەفەرموێت : (وكل من لم يعرف الله بكلامه أنه غير مـخلوق فإنه يــعلم، ويرد

جهله إلى الكتاب والسنة، فمن أبى بعد العلم بـه، كان معاندا، قال الله تعالى: {وما كان الله ليضل قوما بعد إذ هداهم حتى يبين لهم ما يتقون} [التوبة: 115] ،

هەرکەسێ الله نەناسێت بەوتەکەی کەباوەڕی وابێت قورئان مەخلوق نیە ئـەوا ئەوکـــەسە فێردەکرێت و جەهلـــەکەی لادەبرێ بەقورئان وسونەت گەر پاش زانست ملکەچ نەبوو ئەوا کەسێکــی عینادە الله فەرموویەتی : { وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ } [التوبَة : ١١٥]

خۆ پاش ئەوەی الله خەڵکێکی خستبێتە سەر ڕاستەڕێ، ئیتر نەبووە جارێکی تر گومڕایان بکات تا ئەو شتانەیان بۆ ڕوون بکاتەوە کە دەبێ خۆیانی لێ پارێزن.

٥ - ئیمام عون بن یوسف رحمه الله أبو بكر المالكي رحمه الله لە رياض النفوس دەیگێڕێتەوە سلیمان بن سالم دەڵێت : من دانیشتبوم لەلای عون بن یوسف سێ کەس هاتن وتیان : «مات عندنا رجل يقول بخلق القرآن، فما نصنع به؟» فقال: «إن وجدتم من يكفيكم مؤنته فلا تقربوه»، فسكتوا ثم أعادوا السؤال ثانية فأجابهم بمثل الأول. ثم أعادوا السؤال ثالثة، فأجابهم بمثل ذلك، فقالوا: «لا نجد من يكفينا مؤنته» فقال لهم: «اذهبوا فواروه من أجل التوحيد».قال سليمان: «يريد تغسلونه وتكفنونه وتصلون عليه وتدفنونه»

پیاوێ لای ئێمە مردووە دەیگوت قورئان مەخلوقە چی لێ بکەین ؟ فەرمووی گەر کەسانێ هـەن بەڕێی بخەن ئێوە لێی نزیـک مەبەنەوە بێدەنگبون پاشان پرسیارەکەیـــان دووبارەکــــردەوە تا دووجـــار بەوشێوە وەڵامی یانەوە لەجاری سـێهەم وتیان کەس نیە مەراســـیمی مردنـــەکەی بەڕێوەبەرێت ئیمام فەرمووی بڕۆن مەراسیمەکەی بۆ بەڕێوەبەرن لەبەر خاتری تەوحید سولەیمان دەفەرموێت مەبەستی عون بن یوسف ئەوەبـوو واتا بڕۆن بیشۆن و کفن ـی بکەن و نوێژی لەسەر بکەن و دەفن ـی بکەن.

ئایا عوزردان بەوتەی کوفری جەهمیەکان بیدعەی ابن تیمیە بوو ؟

٦ - الإمام الحافظ قوام السنة أبوالقاسم الأصبهانيرحمه الله دەفەرموێت : (ومن تعمد خلاف أصل من هذه الأصول وكان جاهلاً لم يقصد إليه من طريق العناد فإنه لا يكفر، لأنه لم يقصد اختيار الكفر ولا رضي به وقد بلغ جهده فلم يقع له غير ذلك، وقد أعلم الله سبحانه أنه لا يؤاخذ إلا بعد البيان، ولا يعاقب إلا بعد الإنذار فقال تعالى: {وما كان الله ليضل قوماً بعد إذ هداه} فكل من هداه الله عز وجل ودخل في عقد الإسلام فإنه لا يخرج إلى الكفر إلا بعد البيان).

هەرکەسـێ بەئەنقـەست پێچەوانەی ئەصڵێ لەئصولەکانی ئەهلی سونەت بکات وە جاهل بێت وەئەو پێچەوانەکردنەی لەعینادیەوە نەبـێت ئەوا کافرنابێت چونکە ئەو مەبەستی هەڵبژاردنی کوفرنەبوە و بەکوفر ڕازی نەبوە بەڵکو هەموو هەوڵ وکۆششەکەی گەیاندویەتی بەوەی کەلەسەریەتی وە الله ش فێری کردوین کە لەوکەسانە ناگرێت ئیلا پاش ڕونکردنەوە وفێرکردن نەبێت وە سزای کەسیش نادات ئیلا پاش ئاگادارکـردنـــەوەی نەبێت الله دەفەرموێت : { وَمَا كَانَ

اللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ } [التوبة : ١١٥]

خۆ پاش ئەوەی الله خەڵكێكی خستبێتە سەر ڕاستەڕێ، ئیتر نەبووە جارێكی تر گومڕایان بكات. ئەم ئایەتەش سەبارەت بە هەندێ لەو موسڵمانانە هاتە خوارێ كە داوای لێبوردنیان كردبوو بۆ موشریكەكان، لە پاشان ترسان كە الله لێیان توڕەبێت ئینجا ئەم ئایەتە دابەزی : {حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ }

تا ئەو شتانەیان بۆ ڕوون بكاتەوە كە دەبێ خۆیانی لێ پارێزن بێگومان الله بەهەموو شتێك زاناو بەئاگایە.

هەركەسێ هاتبێتە ناوئیسلامەوە لەئیسلام دەرناچێت ئیلا لەپاش ڕونكردنەوە نەبێت. الحجة في بيان المحجة (2/511)

ئایا عوزردان بەكوفری ئەسماء وصیفات بیدعەی ابن تیمیە بوو یان وتەی الله وسونەت و وتەی سەلەف بوو ؟؟ ئایا هەڵۆ تەكفیری صحابەش دەكات ؟؟

الحافظ ابن عبد البر رحمه الله دەفەرموێ : (و أما جهل هذا الرجل المذكور في هذا الحديث بصفة من صفات الله في علمه وقدرته، فليس ذلك بمخرجه من الإيمان....)

جاهل بـونی ئەم پـــیـــاوەی كەباســـكرا لەم فەرموودەیەدا كەجاهل بوو بەسیفەتێ لەسیفاتەكانی الله لە زانست و هێزی الله ئەوە ئەم جاهل بونەی لەئیمان دەری نـاكـات.

وە دەفــەرمـــوێـــت : ألا ترى أن عمر بن الخطاب وعمران بن حصين وجماعة من الصحابة سألوا رسول الله - صلى الله عليه وسلم - عن القدر. ومعلوم أنهم إنما سألوه عن ذلك وهم جاهلون به، وغير جائز عند أحد من المسلمين أن يكونوا بسؤالهم عن ذلك كافرين، أو يكونوا حين سؤالهم عنه غير مؤمنين.

ئایا نابینیت عمری كوڕی خطاب و عمران ـی كوڕی حصیـــــن وكۆمەڵـــی لەهـــــاوەڵان پرسیاریان لەپێغەمبەر ﷺ كرد لەبارەی قــەدەر وە زانراویشە كاتێ ئەوان پرسیاریان لەپێغەمبەر ﷺ كرد خۆیان نەیان دەزانـــی وە هیچ ڕەوانیە لەلای هیچ موسڵمانێك بڵێت هاوەڵان بەو پرسیاركردنەیان كـافر بـــونە یـــان لـــەكـــاتـــی پرســـیاركـــردنـــەكـــەدا ئیماندارنەبونە.

واما جهل هذا الرجل بصفة من صفات الله في علمه وقدره؛ فليس ذلك بمخرجه من الإيمان، ألا ترى أن عمر بن الخطاب وعمران بن حصين وجماعة من الصحابة سألوا رسول الله - صلى الله عليه وسلم - عن القدر. ومعلوم أنهم إنما سألوه عن ذلك وهم جاهلون به، وغير جائز عند أحد من المسلمين أن يكونوا بسؤالهم عن ذلك كافرين، أو يكونوا حين سؤالهم عنه غير مؤمنين.

وروى الليث عن أبي قبيل عن شُفَيٍّ الأصبحي عن عبد الله بن عمرو بن العاص- فذكر حديثاً في القدر، وفيه: فقال أصحاب رسول الله - صلى الله عليه وسلم -: فأي شيء نعمل إن كان الأمر قد فرغ منه؟

لیث گێڕاویەتیەوە لەابی قـبیل لەشفی الاصبحی لەعبدالله ـی كـــوڕی عەمـری كـوڕی عاص كەباسی

فەرموودەی قەدەر دەکات و دەفەرموێت هاوەڵانی پێغەمــبەر ﷺ وتیان بۆچی کردەوە بــکەین مادام لەقەدەردا هەمو شتێ بڕاوەتەوە؟

، فهؤلاء أصحاب رسول الله- صلى الله عليه وسلم - وهم العلماء الفضلاء- سألوا عن القدر سؤال متعلم جاهل؛ لا سؤال متعنت معاند، فعلمهم رسول الله - صلى الله عليه وسلم - ما جهلوا من ذلك، ولم يضرهم جهلهم به قبل أن يعلموه، ولو كان لا يسعهم جهله وقتاً من الأوقات؟ لعلمهم ذلك مع الشهادة بالإيمان،

ئائەوانە هاوەڵی پێغەمبەربون ﷺ وەزانا وچاکەکانی ئومەت بون پرسیاریان لەبارەی قەدەرەوە کرد پرسیاری کەسێکی نەزان کەبیەوێ خۆی فێربکات نەك پرسیارکردنێکی بۆملکەچ نەبون وعینادی کردن جا پێغەمــبەر ﷺ فێری کردن ئەوەی کەپێی جاهیل بــون وە ئەو جاهیل بونەشیان زیانی پێ نەگەیاندن پێش ئەوەی بیزانن ئەگەر جــاهل بون نەبوایە لەهیچ کاتێ لەکاتەکاندا ئەوە لەدوای ئەو پرسیارەوە پێغەمبەر ﷺ داوای ئەوەی فێری کردن داوای لێ دەکردن شەهادە بهێننەوە بۆ ئەوەی ببنەوە بەموسڵمان.

(التمهيد 18/46،47.)

ئــیمام احمــد معتصم ــی جەهمی عەقیدەی بەبــرای خۆی زانیوە دەفــەرموێــت : وقد جعلت أبا إسحاق "المعتصم" في حل ورأيت الله عز وجل يقول وليعفوا وليصفحوا ألا تحبون أن يغفر الله لكم وأمر النبي صلى الله عليه وسلم أبا بكر بالعفو في قضية مسطح، ثم قال أبو عبد الله: العفو أفضل، وما ينفعك أن يعذب أخوك المسلم بسببك ولكن تعفو وتصفح عنه، فيغفر الله لك كما وعدك.)

گەردنی باوکی ایسحاق [معتصمم] ــم ئازادکـــــرد چونکە الله تعالی فەرموویــەتی لێبوردە بن ئایا ناتانەوێ الله لێتان ببورێت وە پێغەمبەر ﷺ فەرمان ــی بە أبــو بکر کــرد بەلێبــوردەیی لە ڕووداوەکــەی مسطح ئیمــــام ــی ئەحمەد دەفەرموێت : لێبوردن چـــاکترە چی سودێکت پێ دەگا ئەگەر براکەو بەهۆی تۆوە سزا بدرێت لەقیامەت بەڵکو لێخۆشبون چونکە خوا لەتۆش خۆش دەبێت.

(المحنة عبدالغـــنى المقدسي 92)

ئیـــمامی احمـــد خەلیفـــــەی جەهمی واثق ــی تەکفیرنەدەکرد ئەو واثقەی ئیمام احمد بن نصر الخزاعی خڕوجی لێکرد وئیمام احمدی کوشت علي بن عیسی فەرموویەتی گوێم لەحەنبەل بوو لەویلایەتی واثق ـدا کەفوقەهایانی بەغداد هاتن بۆلای ابو عبدالله أبو بكر بن عبيد وإبراهيم بن علي المطبخي وفضل بن عاصم هاتن بۆلای ئیمام احمد باسیان کرد بۆ ئیمام احمد کەوتەی قورئان مەخلوقە بڵاوبۆتەوە جائیمام احمد فەرمووی چیتان دەوێ؟ وتیان ئێمە هاتوین ڕاوێژت پێ بکەین کەڕازی نین بەفەرمانڕەوایەتی ودەسەڵاتی واثق ئیمام احمد گفتوگۆی لەگەڵ کردن وپاشان پێیانی فەرموی لەدڵەوە پێتان ناخۆش بێت دەست هەڵمەگرن لەگوێڕایەڵی سەرکردە ڕیــزی موســـڵمانان پارچەپــارچەمــــەکەن خوێـــنی خۆتان

مەلا هەڵۆی گومڕا لە چاوەڕوانی نۆرەهاتنی بۆ پەڕاندنی سەری

وموسڵمانانیش مەڕێژن لەگەڵ خۆتان.

الخلال في "السنة" (134-1/133) : ئەگەر ئیمام احمد واثق ــی پێ موسڵمان نەبوایە نەیدەفەرموو دەســـت هەڵمـــەگرن لەگوێڕایەڵی کـــردنی وەنەیدەفەرمو ڕیـــزی موسڵمانان شەق مەکەن.

ئیمامی الکنانی کەیەکێکە لەزانایانی سەلەف

الامام الكناني رحمه الله فەرمویەتی : قد أظهره بشر بن غياث المريسي ببغداد من القول بخلق القرآن، ودعائه الناس إلى موافقته على قوله ومذهبه وتشبيهه على أمير المؤمنين المأمون وعامة الناس وما قد دفع الناس إليه من المحنة، والأخذ في الدخول في هذا الكفر والضلالة)الحيدة والاعتذار ص 21 ط مكتبة العلوم والحكم.

بشری مریسی لەبەغداد وتەی قورئان مەخلوقەی دەرخست و بانگەوازی خەڵکی بۆئەو وتەیە دەکرد وە ئەمیری باوەڕداران مەئمون وتێکڕای خەڵکی چەواشەکرد بەو وتەیەی خەڵکی توشی بەڵاو وموصیبەت وچونە ناوکوفر وگومڕای کرد.

وتەکەی بەکوفر ناوبرد لەگەڵ ئەوەشدا تەکفیری تەعینی نەکرد بۆمەئمون دەی حەمدانیەکان کەتکفیری ابن حجر و النووی و دەولە دەکەن تەکفیری سەلەفیش بکەن کەبەدرۆوە خۆتان داوەتە پاڵ سەلەف. هەرئیمامی عبدالعزیزی الکنانی دەفەرمویێت : اجتمعت مع أمير المؤمنين بعد هذا المجلس فجرت بيني وبينه مناظرات كثيرة، فقال لي بعدما جرى بيننا: ويحك يا عبد العزيز، قل: القرآن مخلوق،
لەگەڵ ئـــەمیری بـــاوەڕداران دانیشـــتم لەپـــاش

کۆتای بابەت

دانیشتنەکە گفتوگۆ ڕویدا لەنێوانماندا پێی دەوتم هاواربۆتۆعبدالعزیز بلّێ قورئان مەخلوقە ..

فقلت يا أمير المؤمنين إن القلوب لا ترد بالرغبة ولا بالرهبة،

منیش وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران دڵ ناگۆڕێت نەبەترسان نەبەئومێدبەخشین. (الابانة لأبن بطة 6/248 ط دار الراية)

ئایا ابن تیمیە بیدعەی داهێناوە یان شوێن سەلەف کەوتوە بەوردی وبەتەفسیلی وەکو ئێوەی جاهل تەنها شوێن وتەی مطلق وکۆپی پەیست نەکەوتوە.

سونەتەکانی دەست نوێژ

1 سیواککردن پێش دەست نوێژگرتن

لەبەر فـەرمووودەی « لولا ان اشق على امـتى لأمـرتهم بالسـواك مع كل وضوء » [احمد ومالك والنسائى بسند صحيح] واتـا : گەر قـورس نەبوایـە لەسەر ئومەتەکەم فـەرمانم پێ ئەکردن بەسـیواکردن لـەگەڵ هەموو دەست نوێژێکدا.

2 شۆردن ی هەردوو دەست سێجار لەسەرەتای دەست نوێژگرتن

بەهۆی کرداری پێغەمبەر ﷺ بـەڵام گـەر پیس ی پێوە بێت یان شتێکی پێوە بێت ڕێگری بکات لەگەیشتنی ئاو بەپێست لەوکاتـەدا شـۆرینی واجبـە وەهەروەهـا کاتێ مرۆڤ لـەخەو هەستا ویـست ی بخاتـە نـاو دەفریـکەوە واجبە پێشەوە دەستەکانی بـشۆرێت لەبەر فـەرمووودەی « اذا استيقظ احـدكـم من نومـه فلا يغمس يـده فى الانـاء حتى يغسلها ثلاثـة فانه لايـدري اين باتت يـده » [رواه مسلم] واتا گەر یـەکێ لـەئێوە هەستا لـەخەو بادەست نەخاتە نـاو دەفرەکەوە تـاوەکو سێجار دەست ی ئەشۆرێت چونکە کاتێ کەخەوتوە نازانێت دەست ی لەکوێ بوە.

3 موبالەغەکردن لە الاستنشاق

بۆکەسێ بەڕۆژوو نیـە (موبالەغەکردن لە ئاو وەردانـە لوت بەواتای ئەوەی ڕاکێشانی ئاو بەهەناسە بۆ قـوڵای لـوت) لەبەر فـەرمووودەی « وبالغ فى الاستنشاق الا ان تـكـون صائـما » [رواه ابو داود والترمذى وابن ماجة بسند صحيح]

4 موبالەغەکردن لە الاستنثار

ئەو ئاوەی ڕاتکێشاوە بۆقوڵای ناو لـوت بەتوندی فڕێی بەیتە دەرەوە ئەمە پێی ئەوترێ موبالەغەکردن لە الاستنثار لەبەر فـەرمووودەی « استنثروا مرتين بالغتين او ثـلاثـا » [رواه احمد وهوصحيح] بـەتوندی ئاوی لـەلوت دەرکـەن دووجار یان سێجار.

5 پەنجە کردن بەناو ڕیشی پڕ وچڕ

بەڵگەش فەرمووودەکەی عثمان و عماری کوڕی یـاسره الله لێیان ڕازی بێت : (كان النبى صلى الله عليه وسلم يخلل لحيته فى الوضوء) [رواه الترمذى وصححه ابن خزيمه] پێغەمـبەر ﷺ کەدەست نوێژی هەڵئەگرت پەنجەکانی دەست ی ئەهێنا بەناو موەکانی ڕیـشیدا.

6 پەنجە هێنان بەنێوان پەنجەکانی دەست و پێیەکان

لە لقيط ی کوڕی صبرة ئەفەرموێت « قال النبى صلى الله عليه وسلم اذا توضأت فخلل الأصابع » گەر دەستنوێژت گرت ئەوا پەنجە بکە بەناو پەنجەکانی تر وپەنجە بهێنە بەنێوان بەپەنجەکاندا. لە المستورد ی کوڕی شداد هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ی پێغەمبەرم بینی ﷺ کەدەستنوێژی هەڵـەگرت پەنجە بچوکەکەی دەستی ئەهێنا بەنێوان پەنجەکانی پێیدا.

7 کردن ی ئەو زیکرەی لەپێغەمبەرەوە هاتوە ﷺ لەپاش دەستنوێژ

فـەرموویەت ی : (هەریـەکێک لەئێوە دەست نوێژێکی جوان وڕێک وپێک هەڵگرێت پاشان بڵێت شاهێدی ئەیەم هیچ پەرستراوێک بـەهەق نیە شایستەی پەرستن بێت تەنها الله تعالى نەبێت وە شاهێدی ئەیەم محمد بەندە و نێردراوی الله یـە ئەوا هەر هەشت دەرگای بەهەشـتی بۆئەکرێتەوە لەکامەی ویست ی لێ بێت ئەچێتە ژوورەوە) [رواه مسلم] وەهەروەهـا (پەروەردگارا بمکـەرە یەکێک لـەتەوبەکاران و پاکبوەکان).

بڵاوکراوەی مەکتەبەی هیمەی سەر بە دەوڵەتی ئیسلامی

مكتبة الهمّة

موسڵمانان ئاگاداری ئەم سڕوڕیانە بن

هاوشێوەی مەلا ئارام چونکە ئەمانە زۆر مەترسیدارترن بۆعەقیدە زۆر بەوردی هەست بەمەترسیەکان ولادانە عەقیدەیەکانیان ئەکرێت وکەم کەس درکیان پێ ئەکات لێرەیا مەلا ئارام تعطیل قاعیدەی من لم یکفر الکافر ئەکات بەتەواوی ئەم قاعیدە تەنها تایبەت ئەکات بۆئەوکەسانەی تەکفیری کافرێک ناکەن کەدەقی ئایەت هاتوە بەڕوونی ناوی کافرەکەی هێناوە واتا تەنها کافری ئەصلی تەکفیر نەکەیت کافر ئەبیت ئەمما گەر کوفرێک ئیجماعی لەسەر بێت وەک کوفری سەرکردە طاغوتەکان وحیزبەکان مەلا ئارام بەتەکفیری اجتهادی ئەزانێت وقیاس ی ئەکات بەتەکفیرنەکردن ی نوێژ نەکەر کەلەناو سەلەفدا ئیجماع ی قطعی نەبوە لەسەر تەکفیری نوێژنەکەر کەچی مەلا ئارام هاتوە قیاس ی طاغوت و حیزبەکان ئەکات بەو بابەتە اجتهادیە کەلەناو سەلەفدا ڕاجیاوازی لەسەربوە بۆیە بەم پێوەر وپێشەکیە سڕوڕیانەی کەبەڵگە بەوتەی سلیمان علوان ئەهێنێتەوە کەوتویەتی من لم یکفر الکافر تەنها ئەوکەسە ئەگرێتەوە کەسێک وەک فیرعەون دەقی لەسەر هاتوە کەکافرە لەگەڵ یهود ونەصارا کەدەقیان لەسەر هاتوە ئەوەی تەکفیریان نەکات کافر ئەبێت ئەمە بەدەر لەمە کەس بەتەکفیرنەکردن کافرنابێت !

ئێمەش ئەڵێین وتەی خۆت و علوان ئەیەین بەدیواردا چونکە ئەم وتەیە تعطیل ی قاعدەی

من لم يكفر الكافره كەدەوڵـەتى ئیسلامى بۆى ڕوون كردووینەتەوە كەئەم قاعیدە هەموو كەسێ ئەگرێتەوە كەبكەویتە كوفرێكى ئیجماع ـ واتا ئیجماع هەبێت فلان وتە وفلان كردار كوفرە ئەوا بكەرەكەى كافرە ئەوكەسەشى تەكفیرى نەكات ئەوا ئەویش كافرئەبێت.

دەوڵـەت ـ ئیسلام ـ لەسلسلة منهجیەكەیدا كەعەقیدەى علوان وئارام وهاوشێوەكانیان هەڵ ئەوەشێنێتەوە كەئەوقاعیدەیە تایبەت ئەكەن بۆكافرى ئەصلى و جگە لەوان هەمووى بەتەكفیرى اجتهادى ناوئەبەن ئەوا دەولـەى ئیسلامیمان لەڕەدیان فەرموویەت ـ لەپەڕەى 47 : المرتبه الثالثه - من توقف فيمن ينتسب للإسلام ووقع في شرك او كفر مجمع على كفر من وقع فيه، وهؤلاء على مراتب.

پلەى سێهەم كەسێك بوەستێت لەتەكفیركردن ـ ئەوكەسەى خۆى ئەیاتە پاڵ ئیسلام (واتا خۆى بەموسڵمان ئەزانێت نوێژەكات ورۆژوو ئەگرێت بەڵام) كەوتۆتە شیرك یان كوفرێكەوە كەئیجماع ـ زانایان ـ لەسەرە ئەوكار وگوفتارە شیرك وكوفرى گەورەیە ئەوەى بوەستێت لەتەكفیركردنى چەند پلەیەكى هەیە.

یەكەم پلە لەم بابەتەدا ئەوەیە كەسێ بوەستێ لەتەكفیركردن ـ لەكاتێكدا تەئویلێكى نیە لەوەستان ـ بۆتەكفیركردن ئەوا یان تەنها حاڵـى كەسە مورتەدەكەى پێ ئەوترێت یان تەنها حوكم ـ شەرعى پێ ئەوترێت لەسەر ئەومورتەدە یان حاڵى مورتەدەكە وحوكمە شەرعیەكەشى بۆڕون ئەكرێتەوە ئەمەش لەسەر بنەماى زاهیربون ـ شـــیركەكە و شاراوە بون ـ حاڵـى كەسـى وەستاو لەتەكفیركردن گەرپاش ئەوە بوەستێت وهەرتەكفیریان نەكات ئەوا ئەویش كافرە خۆگەر گەر حاڵى كەسە مورتەدەكان دیار وئاشكرابوو وەحوكمە شەرعیەكەش لەسەریان ئاشكرابوو ئەوا بەبێ ڕوون كردنەوە كەسـى وەستاو لەتەكفیركردنیان تەكفیرئەكرێت.

شێخ ـ ئیسلام ابن تیمیة دەربارەى كۆمەڵێك لەباطنیەكان فەرموویەت ـ لەمجموع 2/132 : ومن كان محسنا للظن بهم وادعى أنه لم يعرف حالهم، عرف حالهم فإن يباينهم ويظهر لهم الإنكار وإلا لحق بهم وجعل منهم.

ئەوكەسەى گومانى باشى هەیە بۆیان وبلێت من حاڵـى ئەوان نازانم ئەوا حاڵى ئەوان ـ بۆ ڕوون ئەكرێتەوە گەر دواى ئەوە لێیان جیانەبێتەوە و ئینكاریكردنیان بۆ دەرنەخات ئەوا ئەویش ئەخرێتە پاڵ ئەوان ولەوان هەژمارئەكرێت.

سەرنج بەن باطنیەكان كۆمەڵێكن لەقورئان وسونەت دەقێك نەهاتوە بلێت باطنیەكان كافرن بەڵام چونكە زانایان كۆڕابوون لەسەر كردار وگوفتار وبیروباوەڕە كوفریانیان ئەوا شێخ ـ ئیسلام فەرمووى ئەوەى ئاگادارى حاڵیان بێت تەكفیریان نەكات ئەویش هەرهەمان حوكم ـ ئەوانى بۆهەیە گەركەسێك حاڵیان شارەزانەبێت تەنها حاڵى ئەوكۆمەڵەى پێ ئەوترێت گەر هەرتەكفیریان نەكات تەكفیرئەكرێت بەقسەى سڕوریەكان بێت ئەمە تەكفیرى اجتهادیە چونكە دەق نەهاتوە ناوى باطنیەكان بەكافر ببات بۆیە ئەوەى تەكفیریان نەكات بەعەقیدەى سڕوریەكان نابێت تەكفیركرێت !!

بانگخوازە گومڕایەکان لەبەردەرگای دۆزەخ ڕادەوەستن

پاشان دەولـە وتەکەی شێخ سلیمان ـی هێناوە لەسەر حوکمی ئەوکەسەی مورتەدە سۆفیـە گۆڕپەرستەکان تەکفیرنەکـات شێخ فـەرموویەت ـی : فإن كان شاكا في كفرهم أو جاهلا بكفرهم بُـيِّنت له الأدلة من كتاب الله وسنة رسوله (صلى الله عليه وسلم) على كفرهم.

گەر دوو دڵ بـوو لەکوفرەکەیـان یان نەزان بوو بەکوفرەکەیـان ئەوا بەڵگەی بۆی ڕوون ئەکرێتەوە لەکتاب وسونەت لەسەر کوفرەکەیـان فإن شك بعد ذلك أو تردد فإنه كافر بإجماع العلماء على أن من شك في كفر الكافر فهو كافر.

گەر دوای ئەوەش دوو دڵ بێت لەتەکفیرکردنیـان ئەوا کافرە بەئیجماع ـی زانایان بەپێی بنەمای ئەوکەسەی گومان ـی هەبێت لەکوفری کافر ئەوکەسـەش کافرە.

سەرنج بەن شێخ ئیجماع ـی زانایان نەقڵ ئەکات ئەوەی ئەو مورتەدانە تەکفیرنەکات کافرە لەکاتـێکدا هیچ دەقـێک نەهاتوە بڵێت سۆفیەکان سەردەم شێخ سلیمان کافرن بەڵکو دەق تەنها لەسەر کوفرەکەیان هاتوە نەک ناوی خەڵکەکە هاتبێت بـۆیە شێخ سلیمان نەیفەرموو ئەمە تەکفیرێکی اجتهادیـە گەر کەسـێ تەکفیریان نەکات تەکفیرناکرێت چونکە بەلای ئێمەوە ئەوانە کافرن ئەوەی کافریـان نەکات کافرنابێ چونکە جگە لەتەکفیری کافری ئەصلی وئەوکافرانەی ناویـان هاتوە هەموو تەکفیرکردنـێکی تر اجتهادیە ! نەخێر بـەڵکو ئیجماع ـی نەقڵ کرد ئەوەی بوەستێ لـەتەکفیریان دوای ئیقامە حوجە ئەوکەسـەش کافرە بەئیجماع.

پـاشان دەولـە وتەی أبو حاتم الرازي هێناوە کەفـەرموویەت ـی : من زعم أنه مخلوق مجعول فهو كافر كفرا ينتقل به عن الملة ومن شك في كفره ممن

به چەکی گڵاویان حوکم ی شەعب سەردەخەن بەسەر حوکمی الله تعالی

یفهم ولا یجهل فهو کافر ومن کان جاهلاً علم فإن أذعن بالحق بتکفیره وإلا ألزم الکفر. طبقات الحنابلة 1/287

هەرکەس وابزانێت قورئان مەخلوقە ئەوکەسە کافرە بەکوفرێک کەلەدین دەری ئەکات ئەوەشی بوەستێ لەتەکفیرکردن ی گەر لەوکەسانەبێت کەتێ ئەگات و نەزان نیە ئەوا ئەوکەسەش کافرە وەئەگەر کەسێ نەزان بوو ئەوا فێرئەکرێت گەر دوای ئەوەش تەکفیری نەکردن ئەوکەسەش کافرە بێت.

سەرنج بەن هیچ دەقێک نیە لەقورئان وسونەت بڵیت جەهمیەکان کافرن بەڵکو تەکفیری جەهمیەکان بەئیجماع ی زانایان پەیدا بوو لەگەڵ ئەوەشدا زانایان نەیان فەرموو ئەمە بابەتێکی اجتهادیە گەر کەسێ وتەی جەهمیەکان بەکوفر نەزانێت ئەوا تەکفیری ناکەین چونکە ئەمە بابەتێکە تازە هاتۆتە ئاراوە واجتهادیە وەک مەلا ئارام وائەڵێت بەڵکو زانایان فەرموویانە ئەوەی بەهیچ جۆرێک جەهمیەکان بەکۆمەڵێکی خاوەن قسەی کوفری دەرخەر لەئیسلام نەزانێت وبەوەیان نەزانێت کەقسەی جەهمیەکان ئەبێتە هۆی ئەوەی خاوەنەکەی لەدین دەرکات ئەوا ئەو کەسەش کافرە دوای ئیقامە حوجە نەیانفەرموە کافرنابێت چونکە تەکفیرکردنەکە اجتهادیە !! لەکاتێکدا گەر قسەی مەلا ئارام ڕاست بێت کەئەڵێت قاعدەکە تەنها کافری ئەصلی ئەگرێتەوە و بەدەر لەوە هەمووی تەکفیرکردن ی اجتهادیە ئەوا ئەبوو زانایان ی سەلەف بیانوتبایە ئەوەی جەهمیەکان بەکافرنەزانێت کافرنابێت چونکە تەکفیری جەهمیەکان بابەتێکی تازە و اجتهادیە!

پاشان دەوڵەت ی ئیسلام ی باسی کەسانێک ئەکات تەئویل ئەهێننەوە بۆتەکفیرنەکردن ی

مورتەدانێـک بەبیانوی تەئویل لەکاتێکدا کوفری ئەو مورتەدانە زۆر ئاشکرا وتوندە ئەفەرموون لەپەڕەی 49 : بەشی دووەم لەم بابەتە کەسێک بنەمای فاسدی هەبێت بەوبنەما فاسدە تەئویل

هەژمار ئەکرێت کەچی مەلا ئارام ئەڵێت جگە لەتەکفیری دەق وکافرە ئەصلیەکان ئەوان ـی تر هیچ ـی مرۆڤ پێی کافرنابێت کەچی لەهەنێ حاڵەت کەسی وەستاو لەتەکفیری هەنێ جۆر لە مورتەدان

هەر بەبێ ئیقامە حوجەش تەکفیرئەکرێت.

بۆئەم جۆرەش دەولە وتەیەکی شێخ ـی ئیسلام ـی هێناوەتەوە کەفەرموویەتی : فمن لم يكفر هؤلاء وجعل لكلامهم تأويلا كان عن تكفير النصارى بالتثليث والاتحاد أبعد.

ئەوان عەقیدەی خۆیان تەرخانکردووە بۆ خزمەتکردنی طاغوت

بکات لێرەدا توندی وئاشکرای کوفری کەسی دیاریکراو یان کۆمەڵی دیاریکراو کاریگەری لەسەری ئەبێت لەحاڵەتی ئاشکرای کوفرەکە وتوندی کوفری ئەوکەسانەی (کەخۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام) ئەم کەسە تەئویل کارە تەئویل فاسدە بەکافرێکی عیناد دائەنرێت کەخۆی لەژێر تەئویل شاردۆتەوە ...

کەواتا مورتەدانێک کوفرەکەیان توند ودیاربێت کەسێک بیانوو وتەئویل بهێنێتەوە بۆتەکفیرنەکردنیان ئەوا لەم حاڵەتەدا تەئویلەکەی نەک نابێت بەعوزر بەڵکو بەکافرێکی زۆر عیناد

هەرکەس ـێ ئەوانە (باطنیەکان) تەکفیرنەکات تەئویل بۆ وتەکانیان بهێنێتەوە (بۆتەکفیرنەکردنیان) ئەوا لەتەکفیرکردن ـی گاورەکان کەباوەڕیان بەسێ خوا و یەکگرتنی الله ومخلوقات هەیە زۆر دوورترە.

پاشان مەلا ئارام تەکفیری سەرکردە وحیزب بەاجتهادی ئەبینێت ئەمەش دەولە وەڵامی ئەیاتەوە ئەفەرموون لەسلسة علمية في بيان مسائل المنهجية پەڕەی ژمارە 79 ئەفەرمون : وختاما ينبغي التنبيه هنا على أمر هام، وهو أن أغلب من نقاتلهم اليوم من طوائف الكفر والردة لا يجري فيهم الخلاف الذي وقع بين أهل العلم في الطوائف الممتنعة.

لەکۆتایدا پێویستە تێبینیەکی گرنگ بەین ئەویش ئەوەیە زۆربەی ئەوانەی لەمڕۆدا جەنگیان لەدژ ئەکەین لەکۆمەڵانی کوفر وهەڵگەراوە ئەو خیلاف وڕاجیاوازیەیان بەسەردا جێ بەجێ نابێت کەلەنێوان زانایان هەبوە دەربارەی کوفری کۆمەڵەی ممتنعە.

فجيوش الدول الطاغوتية وشرطهم وأعوانهم كفار باتفاق، وهم أقرب إلى كونهم كأتباع مسيلمة والأسود من كونهم كمانعي الزكاة.

سوپای دەوڵەتە طاغوتیەکان و پۆلیسەکانیان و یاریدەدەرەکانیان کافرن بەئیجماع وە حاڵیان نزیکترە لەشوێنکەوتوانی مسیلمە و الاسود (کەبانگەشەی پێغەمبەرایەتیان ئەکرد) نەک حاڵیان نزیکتربێت لەحاڵی زەکات نەدەرەکان. (واتا حاڵی ئەم سەرکردانە و حیزب وچەکدارەکانیان لەحاڵی شوێنکەوتوانی مسیلمەوە نزیکە کەکوفری مسیلمە وشوێنکەوتوانی کوفرێ گەورەی ئاشکرایە و ئیجماعی لەسەرە کاتێک کەسێک بوەستێت

وەرن بۆلای موجاهیدەکان تاوەکوو لە دونیا و ئاخیرەتیش سەرفرازبن

لەتەکفیرکردن ی شوێنکەوتوانی مسیلمە یان مختار یان الاسود کەبانگەشەی پێغەمبەرایەتیان ئەکرد ئەوا کەسی وەستاو لەتەکفیرکردن ی ئەعیانی شوێنکەوتەی ئەو پێغەمبەرە درۆزنانە دوای ئیقامەحجە تەکفیر ئەکرێت وەک شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب لە [مختصر السيرة ص 43] نمونەیەکی هێناوەتەوە بۆیە کەدەولە حاڵی ئەم سەرکردە و حیزب وسوپایانەی سەردەم بەحاڵی شوێنکەوتوانی پێغەمبەرە درۆزنەکان ناوبنات واتا کوفری ئەمانە ئیجماعیە وکوفرێکی ئاشکرایە ئەوەی تەکفیریان نەکات تەکفیرئەکرێت.

بۆیە وریابن لەم جۆرە مەلایانە چونکە مەنهەج ی دەولە لەدۆڵیکە ومەنهەج ی ئەم سروڕیانەش لەدۆڵێ تر کەزۆر بەلەسەرخۆیانە ژەهری خۆیان ئەرێژن و عەقیدەیەکی دژ بەدەوولە ئەنێنە مێشکتانەوە و بەخۆشتان نازانن بۆیەش من لەم پۆستە بەوتەی دەولە وتەکانم هێناوەتەوە تا ئەوەی ئەیەوێ لەسەر مەنهەج ی دەولە بێت تەنها بەم بابەتە هەقیقەت مەلا ئارام ی بۆ ڕوون ئەبێتەوە وچیتر لەبڕی گوێگری بێت خەڵکی لێ وریائەکاتەوە.

لەوەش سەیرتر بەیوسف قەرزاوی ئیخوان ی ئەڵێت رحمە اللە ئەو یوسف قەرزاویەی ئەڵێت ئێمە ئەجەنگین لەپێناو دیموکراسیەت وە دەوڵەتی ئیسلامیش بەفەرمی تەکفیری کردووە ڤیدۆی ئەم وتەیەی لەکۆتاییەکەیەوە دائەنێم.

کێ خەواریجە ؟

ئایا ئەمانە لە خەمی دینەکەیانن یاوەخوود دونیا بۆ ئەوانە هەموو شتێکە ؟

هەڵــۆ ئەڵێت خەواریجەکان پێم ئەڵێن ڕیشت ئوتو ئەکەیــت واللە درۆئەکەی من ڕیشم ئوتو ناکەم کذاب ـی دەجال بـەڵـکو ڕیشم موجەفیفە ئەکـەم !

هەڵۆەشێنەوەی یـانزەهەمی ئیسلام لەلای هەڵۆ بریتیە لەوەی بڵێی مەلا هەڵۆ ڕیش ئوتو ئەکات چونکە بینیوتانە ئەڵێت کـذاب ـی دەجال !

ســەرەتا ئەوەی پێت ئەڵێت ڕیش ئوتو ئەکەیت قسەکەی نابێت بەبوهتان چونکە موجەفیفە هەمان کـاری ئوتو ئەکات لـەخاوکردنەوەی ڕیش و ڕێـک کردنەوەی تەنــها ناوی ئامێــرەکەی بـەهەڵە وتوە

کەواتـا لێرەدا هەڵـۆ لەسەر بوهتان تەکفیرناکات بـەڵـکو لـەســەر بەهــەڵە ناوبــردنی موجەفیفە تەکـفیری موسڵمـان ئەکـات هەر موسڵمـانێـک لەبـڕی موجەفیفە بـڵێت ئوتو ئەوا ئەوکەسـە لای هەڵۆ کافر ودەجال وکـذاب ـە ! بەم هۆیەشەوە هەڵۆەشێنەوەی یـانزەیەمی ئیسلام لەلای هەڵۆ بریتیە لەبەهەڵە ناوبردنی موجەفیفە بـەئوتو ! کەمن لێرەدا بـەوردی ناوی موجەفــیفە وئوتو ئەنوسـمەوە

نـەوەک بـەهەڵە ناوەکەم لێ تێـک بچێت و لەسەر ئەمەش مەلا تەکفیرمـان بکات بەکـذاب ودەجال ناومان ببات.

ئێسـتاش ئەچینە سـەر وردەکاریـەکان هەڵۆ ئەڵیت خەواریج بەوە تۆمەتبارم ئەکەن ڕیشم ئوتو ئەکەم ! کـەواتـا سیفەتێکی خەواریج لەلای هەڵۆ بریتیە لەو تۆمەت ـدانە پاڵ هەڵۆ بەئوتوی ڕیش پـاشان ئایـا کێ لەڕاسـتیدا خەواریج ـە ؟ خەواریج ـی کۆن بەتاوان و زینـا و دزی موسـڵمـانیـان تەکفیر ئـەکـرد بـەڵام ئێمـە کەس لـەسەر تاوان تەکفیرناکـەین تەنها لـەسەر شـیرک وکوفر تەکـفیر ئەکەیـن بـەڵام مەلا هەڵـۆ نەک تەنها لـەسەر تاوان بـەڵکـو لەسەر بەهەڵە ناوبردنی موجەفیفە و کردنی بـەئوتو موسـڵمـانان تەکفیر ئـەکات ! کـەواتـا ئێسـتا کێ لەئێمە خەواریج ـە ؟ ئێمە یان تـۆ ؟ بـەڵکو تۆ پێش خەواریج کـەوتوی ئەوان بـەتاوان تەکفیریـان ئەکرد تـۆ لەسەر بەهەڵە ناوبردنی موجەفیفە بـەئوتو !

شيخ الإسلام لـە (المجموع 3/279) فـەرموویەت ـی : والخوارج هم أول من كفر المسلمين يكفرون بالذنوب ويكفرون من خالفهم في بدعتهم ويستحلون دمه وماله.

خەواریجەکان یـەکەمین کەسـەکانن کەتەکفیری موسڵمـانان ئەکەن بەتاوان تەکفیری موسـڵمـان ئەکەن وئەوکەسـەش تەکفیر ئەکەن کەپێچەوانەی بێت لـەبیدعەکەیـن وخوێن ومالـی حەڵاڵ ئەکەن.

وهذه حال أهل البدع يبتدعون بدعة ويـكفرون من خالفهم فيها وأهل السنة والجماعة يتبعون الكتاب والسنة ويطيعون الله ورسوله فيتبعون الحق ويرحمون الخلق.

ئەمەش حـالـی ئەهلی بیدعـە ئەوانەی کەبیدعەیـەک دائەهێـنن و تەکـفیری ئەوانەی پێ ئەکەن کەپێچەوانەیان ئەکەن لەبیدعەکەیـان بەڵام ئـەهلی سـونەت وجەماعە شوێن قورئان وسـونەت ئەکەون و گوێڕایەڵی الله تعالـی وپێغەمبەرەکەی ﷺ ئەکەن شوێن ـی هەق ئەکەون و ڕەحم بـەخەڵـک ئەکەن (لـەبەر نەفس ـی خۆیان سنوری ئینصاف نابەزێنن).

تەکـفیرکردن ـی موسـڵمـان لـەسەر بەهەڵـەناوبردنی ئامێرێکـی دەستکردی سەردەم بیدعـەیـەکە ئەوەندەی من بـزانم کەس پێش هەڵـۆنەکەوتوە لـەم داهێنانەی لـەدین ـدا.

ئیمام ـی الطحاوي رحمه الله تعالـی لەباس ـی عەقیدەی سـەلەف وئەهلی سـونەت وجەماعە ئەفـەرموێت : لا نشهد عليهم بالكفر ولا بشرك ولا بنفاق ما لم يظهر شيء من ذلك ونذر سرائرهم إلى الله تعالى.

شـاهێدی کـوفر وشـیرک ونیفاق نایەین بەسـەر ئەهلی قیبلە تـا ئەوکاتەی شتێـک لەکوفر وشیرکیـان لێ نەبینرێت ونهێنیەکانیشیان بـۆلای الله تعالی یـە.

وەفـەرموویەت ـی : ما تيقن أنه ردة يحكم بها وما يشك أنه ردة لا يحكم بها إذ الإسلام الثابت لا يزول بشك مع أن الإسلام يعلو وينبغي للعالم إذا رفع إليه هذا أن لا يبادر بتكفير أهل الإسلام.

ئەوەی بەیەقین ودڵنیاییەوە بزانرێت هەڵگەڕانەوەیە لەئیسلام حوکم بەسەرخاوەنەکەی ئەدرێت ئەوەشی گومان ی تێدابێت کەئایا هەڵگەڕانەوەیە یاخود نا ئەوا حوکمی لەسەر نادرێت چونکە ئیسلامەتی حوکمێکی جێگیرە بەگومان لاناچێت لەگەڵ ئەوەشدا ئیسلام بالادەسترە بۆیە پێویستە لەسەر کەسی زانا کاتێک ئەم بابەتی تەکفیرەی بۆلا ئەبرێتەوە پەلە نەکات

کاتی ئەوە هاتووە میمبەرەکانیان لێ بسەنرێتەوە و کەلەکانیان بپەرێنرێن

لەبەکافردانانی ئەهلی ئیسلام.

وتم ئەمە بۆکارێک کەگومان هەبێت کوفرە یاخود نا ئیمام فەرمووی نابێت تەکفیری لەسەربکات ئەی چجای تەکفیرکردن لەسەر گۆڕینی ناوی موجەفیفە بۆ ئوتو ! بەڕاستی دڵێکی جاهل وزمانێکی کۆنترۆڵ نەکراو بەزانست وتەقوا کارەساتی گەورەی لێ ئەبێتەوە بۆیە پێغەمبەرمان ﷺ ئاگاداری کردوویەنەتەوە وفەرموویەتی : وهل یکب الناس في النار على وجوههم إلا حصائد ألسنتهم. مەگەر کەخەڵکی بەڕووخساریاندا کەفرێ ئەدرێنە ناو دۆزەخەوە بەهۆی دەرئەنجامی زمانیانەوە نیە ؟ [رواه أحمد والترمذي (وقال حسن صحيح.)]

لەوڵاتانی عەرەبی بینیومە هەنێ لەشێخە حەمدانیەکان سەرەڕای جەهل وغلویان بەڵام کەمێک تەقوایان پێوە دیارە لەهەنێ ڕووەوە وەک خەواریج ی کۆن کە تەقواشیان زۆربوو بەڵام بەناو شێخ ی حەمەدانیەکانی کوردستان سەرەڕای جەهل وغلووەکەی و تحاکم وجاسوسیەکەی لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن زمانێکی پیس و دوورلەتەقوا و دوور لەئەدەب ودوورلەڕەوشتی پێغەمبەرە ﷺ. وشەی دەجال ئەمانە ئەگرێتەوە درۆزن و فێڵباز و بانگەشەکاری گومڕایی

وئەوکەسەی هەق دائەپۆشێت وهەق بەباطل تێکەڵ ئەکات وڕاستیەکان ئەشێوێنێت بۆیە پێناسەی دەجال بەپێی باردۆخ ی کەسەکە و وەسفی حاڵەکەی ئەگۆڕێت بەڵام هەڵۆ نەریتی وایە هەرکەس ڕەخنەی لێ بگرێت تەکفیری ئەکات بۆیە ئەم وشەی دەجالەش لێرەدا هەڵۆ وتویەتی مانای تەکفیرئەیات چونکە پێشتریش وتەی هەڵۆمان هێناوەتەوە بەڕەخنەگرتن لەخۆی تەکفیری موسڵمانان ئەکات بۆیە بەقەرینەی نەریت ی هەڵۆ و زمانە جەهل وبێ تەقواکەی لێرەشدا مەبەستەکەی بۆتەکفیر دەرئەکەوێت.

چونکە پێشتریش هەمان شت ی لێ بینراوە بۆیە لازمی وتەکەی تەکفیرکردن ی ڕەخنەگرەکانیەتی.

سونەتەکانی فیطرەت

لەعائیشەی دایکی باوەڕدارانـەوە ئەفەرموێت پێغەمبەر ﷺ فـەرموویەت ـی : « عشـر من الفطرة قص الشـارب واعفاء اللحية والسواك واستنشاق الماء وقص الاظفار وغسـل البراجم ونتف الابط وحلق الـعانـة وانتقاص الماء »

١٠ شت لە فیطرەتن

کورتـکـردنەوەی سمێل	شۆردن ـی جومگە وخەت ـی سەر پەنجەکان
ریش هێشتنەوە وبەردانەوەی ریش	هەڵکێشـان ـی مووی بن باڵ
سـیواک کـردن	تاشـین ـی مووی داوێـن
ئاو لەلوت وەردان	وخۆپـاکردنەوە بەئاو لەکاتی سەرئاوگرتن
نینۆکـکـردن	موصعەب کەگێڕاوەی فـەرموودەکەیـە ئەفەرموێت دەیەمم بیرچوو پێم وابێت ئـاو لەدەم وەردانە

لەابـی هریرەوە هاتوە الله تعالی لێی ڕازی بێت پێغەمبەر ﷺ فەرموویەت ـی : « خمس من الفطرة الاستحداد والختان وقص الشارب ونتف الابط وتقليم الأظـافر » [البخاري ومسلم]

پێنج شت لەفیطرەت لابردن مووی داوێن وخەتەنەکـردن وسمێل کورتکردنەوە و هەڵکێشان ـی مووی بن باڵ ونینۆککردن.

وەڵامی گومانێکی صەحوات لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی

ئەڵێـن دەوڵـە طائفەی باغیە (دەست درێژکارە) چونکە داوای صوڵح ـی لێکراوە بۆ وەستاندنی جەنگ لەگەڵ فەصائیلەکانی سوریا بەڵام دەوڵـە ڕەفزی کرد کە بچێت بۆ بەناو مەحکمـەی شەرعی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ فەصائیلەکانی شام هەربۆیە قـتال کردن دژی دەوڵــە واجبێکی شەرعیە چونکە الله فەرموویـەتی : ﴿ وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا ۖ فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَىٰ فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّىٰ تَفِيءَ إِلَىٰ أَمْرِ اللَّهِ ۚ فَإِن فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا ۖ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴾ [الحجرات]

